## جیمز جویس (James Joyce)



نووسەری ئیرلەندی ڕۆژی ٢ی مانگی فێبرواری ساڵی ١٨٨٢ لە شاری راتگار "Rathgar" (Dublin) لە دایك بووە و ڕۆژی ١٣ی مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٤١ لە شاری زوریخ کۆچی دوایی کردووە. لە شاری دوبلین لە بواری دادپەروەری دەرسی خوێندووە. دوای تەواوبوونی لە دەرس، خۆی لە کلیسای کاتۆلیکەکان کێشاوەتەوە.

جۆیس ساڵی ١٩٠٢ لە شاری پاریس دەستی کرد بە خوێندن لە بواری پزشکیدا بەڵام بەهۆی هۆگربوونی کاری ئەدەبییەوە، زۆر زوو دەستی لە خوێندنەکەی هەڵگرت. ساڵی ١٩٠٤ بوو بە ناسیاوی ژنی داهاتووی واتە خاتوو نۆرا بارناسل "Nora Barnacle".

ناوەڕۆکی زۆربەی کارە ئەدەبییەکانی نووسەر لەسەر ژیانی ئاڵۆزی خۆی لە ناوچەی لەدایکبوونی، واتە دوبلین و وڵاتی ئیرلەندە. ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ نۆرا دەچنە شاری تریست "Triest"ی ئیتالیا و تا ساڵی ١٩١٥ لەوێ دەمێننەوە. وێستگەکانی دواتری ژیانی کە وەك تاراوگە لێیان ژیاوە، ڕۆم، پاریس و زوریخ بوون.

ناوچەی دوبلین لە کتێبێکیدا بە ناوی دوبلینیەکان کە وەك کورتە چیرۆك ساڵی ١٩١٤ بڵاوی کردەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ساڵی ١٩١٦ ڕۆمانێکی بە ناوی پۆرترەی هونەرمەندێك "Ein Porträt des Künstler" بڵاو کردەوە کە وەك مرۆڤێکی گەنج و باوەڕبەخۆ، باس لە کێشەکانی ژیانی بە شێوازێکی پسپۆڕانە دەکا و ساڵی ١٩٢٢ بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ئولیس

"Ulysses" لێهاتوویی خۆی گەیاندە لووتکەی زانایی لە بواری ئەدەبیدا. ساڵی ١٩٣٩ ڕۆمانی (فینگانەکان وەخەبەر دێن) "Finnegans Wake" کە زیاتر لە حەڤدە ساڵ خۆی پێوە ماندوو کرد، جارێکیتر شارەزایی ئەو نووسەرە بەرزەی لە بواری ئەدەبیدا سەلماند.

جیمز جویس وەك یەك لە گرنگترین نووسەرانی سەردەمی مودێرن لە ئەژمار دێ و لە پەنا ویرجینیا وۆلف (Virginia Woolf)نووسەری ئینگلیزی کە دواتر هەر لەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین، بە ڕۆماننووسی مودێرن کە جیا لە لایەنی ئەدەبی زۆر بەهێز، خۆیان بە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگاوە خەریك کردووە، ناسراوە.

ڕۆمانی ئولیس "Ulysses" دەقە ئوریگینالەکەی ساڵی ١٩٢٢ لە ٧٣٢ لاپەڕە و دەقە ئاڵمانییەکەی لە ساڵی ١٩٢٧ لە چاپ دراون. ئەو ڕۆمانە بەهۆی شێواز و تکنیکی نوێی هونەری گێڕانەوە، وەك گرنگترین ڕۆمانی سەدەی بیستەم ناسراوە. ڕۆمانەکە خۆی بە وڵاتی ئیرلەند و تەوەرکانی ئایین(کتێبی ئینجیل)، سەدەی ناوەڕاست، لێکۆڵینەوەی ئایینەکانیتر و مێژووی زمانی ئینگلیزیەوە خەریك کردووە.

ئەو ڕۆمانە کە زیاتر لە گێڕاوە و کورتە چیرۆکی دوبلینەکان پێکهاتووە، مێژووی نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩٢١ دەگێڕێتەوە. پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکی یەهودییە بە ناوی لێپۆلد بلووم "Leopold Bloom " کە لە کاتژمێری هەشتی بەیانییەوە هەتا درەنگانێکی شەو لە شاری دوبلیندا دەخولێتەوە. بە گشتی ١٨ کاتژمێری ڕۆژی ١٦ی مانگی ژونی ١٩٠٤ ڕۆمانەکەی بەسەر ١٨ بەشدا دابەش کردووە. هەر کام لە بەشەکان بە شێوازێکی پسپۆڕانەی ئەدەبی باس لە تەوەرەکانی دراماتیک، هەواڵنێری، سەرشێتی، پەخشان و شیعر، گوتەی دادپەروەرانە و تەوەرەکانیتر دەکا. بەشی حەوتەم نموونەیەکە بۆ نووسینی هەواڵ و هونەری هەواڵنێری کە باس لە ڕێتۆریك یاخود هونەری ئاخەفتن دەکات.

درێژەی هەیە ...